# با بەئەركی نەتەوایەتی و نیشتمانی و مرۆڤانەمان هەڵسین .



ڕێپێوانی منداڵانی كورد لە یادی 16.3.1988 لە وولاتی سویسرا بۆ بەردەم باڵوێزخانەی ئەڵمانیا –چاك .

**بانگەوازێ بۆ هەموو كوردان و مرۆڤ دۆستان .**

**خەڵكی ستەمدیدەی كوردستان ، ئازادی خوازانی جیهان .**

لای هەموان ئاشكرایە كە گەلی كورد لەدێرزەمانەوە لەسەر دەستی داگیركەران و مرۆڤ كوژانی جیاجیادا توشی ئازارو ئەشكەنجەیەكی نامرۆڤانە بووە.
دواینترین وئاشكراترین و دڵتەزێن ترینیشیان ئەو تاوانانەیە كە ڕژێمی بەعسی بەرامبەر بەخەڵكی كوردستان كردی هەرلەبەكارهێنانی چەكی كیمیاوی ئۆپراسیۆنەكانی ئەنفالەوە تادەگاتە كوشتنی لاوانی كورد بەبێ تاوان لەسەرشەقامەكان و بەبەر چاوی كەس وكارو خەڵكیەوە و دەستدرێژی كردنە سەركەرامەت وتاڵانكردی سەروەت و سامانیان و بەكورتیەكەی كاركردن بۆ لەناو بردنی كوردو كوردستان پێكەوە .
ئێستاكە ئەو ڕژێمە كۆتایی بە دەستەڵاتی هاتوەو ژمارەیەك لە بەرپرسانی لەسەرویانەوە سەدام وعەلی كیمیاوی و............ لەزینداندان و ژمارەیەكی یەكجار زۆریشیان یان لەكوردستانن یان لەدەرەوەی وولات نیشتەجێ بوون و بێ خەم و بێ ترس دوورلەچاوی یاساو لێپرسینەوە .
ئەركەكانمان لە دەرەوەی وولات :
1 – بە حوكمی سەروەری یاساو ڕێزگرتن لە داوای داواكاران لە دەرەوەی وولات . باهەمومان هەوڵبدەین دەست نیشانی تاوانباران بكەین هەریەكەمان لەو وولاتەی تیادا دەژی .
2 – چاك ( ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفالكردن و جینۆسایدی گەلی كورد ) ئامرازی دەستی گەلی كوردە بۆ گەیاندنی تاوانباران بە دادگا .
3 – دەتوانن لە ڕێگایی ماڵپەڕی چاك ەوە پەیوەندیمان پێوە بكەن .chak_org@yahoo.com
4 – ناو ناونیشانی دڵسۆزانی كوردو مرۆڤ دۆستان پارێزراو دەبێت و چاك بەرپرسیارە لە پاراستنی .
5 – تكامان وایە زانیاریەكانتان بەڵگەدار بن .

لە ناوكوردستاندا :
1 – پێویستە دڵسۆزان و خەمخۆران و ڕۆشنبیران ، كەسوكاری قوربانیان و شەقامی كوردی هەڵخڕێنن بۆ بەدادگایی گایاندنی تاوانباران .
2 – پێویستە بەڕێزان هەردوو سەرۆكی ( كۆماری عێراقی فیدراڵی و هەرێمی كوردستان ) دەستەڵات و نفوزی خۆیان بخەنە گەڕ بۆ ئاشكراكردن و دادگایكردنی تاوانباران .

3 – پێویسته لەسەر بەرپرسیان کار بۆ بەیاسایی کردنی ئەم پێشنیارەی چاک بکەن .

4 – پێویسته لەسەربەرپرسیان لەرێگایی یاساوه بودجەی پێویست بۆ بەئەنجام گەیاندنی ئەم داوایەی چاک دیاری بکەن .

5 – داواکاریشین لە هەموو حیزبەکان بەتایبەتی پارتی و یەکێتی خوێنی پاکی شەهیدانی گەلەکەمانیان لە یاد بێت و ڕیزەکانی خۆیان پاک بکەنەوه لە سیخوڕو تاوانبارانی ئەنفالچی .

ناوەندی هەڵەبجە دژ بەئەنفالکردن وجینۆسایدکردنی گەلی کورد –چاک-7-6 2005

www.chak.info
Chak_org@yahoo.com